بەکاردەهێنرا و گوندنشینەکان بەتۆقیوی و ترس و دڵەراوکێیەکی زۆرەوە دەچوونەوە بن دەستی حکومەت و ئەویش بێ ترس و دوودڵی پۆلێنکاری تێدا دەکردن و ڕەوانەی بیابانەکانی خواروی عێراق و دواجار گۆرە بە کۆمەڵەکانی دەکردن.

لەم کتێبەدا پۆلینکردن و دیاریکردنی هەنگاوەکانی عێراق لەبەکارهێنانی پەلامارەکانی گازباران و هێرشی چەکی کیمیاوی، وردەکارییەکی زۆری نوسەری پێوەدیارە، بەرادەیەک خوێنەری جدی توشی سەرسوڕمانێکی گەورە دەکات لەتواناو سەلیقە و پەرۆشی.. ئەوە مەسەلەیەکی گومان هەڵنەگرە کەپەرۆشی هیلتەرمان بۆمافەکانی مرۆڤ نەبێت دەبێ چ وای لێبکات لەخۆرئاواوە ئەم وڵاتەو وڵات بگەرێ، لەرێگەی بەدواداچوونەکانی یوست هێلتەرمانەوە بەتایبەتی لەنێو لاپەرەکانی ئەم کتێبەدا دەبینین کەعێراق چۆن قۆناغەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی تاقی دەکاتەوە، لەگازی فرمێسک ڕێژەوە کارە مەترسیدارەکە ئەزموندەکرێ و چاوەڕوانی کاردنەوەی دەرەکیە، وەلێ لەبێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بارێکی تارادەیەک هەڵکەوتوو دەبینێ و دواتریش کاردەگاتە تاقی کردنەوەی خەردەل و سارین و لەوێشەوە شۆربوونەوە بۆجەنگی کۆمەڵکوژی و بەگەرخستنی دەمارەگازوکەمێکیش بەکارهێنانی کیمیایی دووناوک مزدوج – ڤی ئێکس (VX) چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم گازانەو بێدەنگی و پاساو هێنانەوەکانی ئیدارەی (ڕێگان) کە نووسەر ئازایانە دەستی تۆمەتباریان بۆ ڕادەکێشێ.

ئەو هەموو زانیاریانەی لەم کتێبەدا یاداشت کراون، ئەو تاوانەی دەرهەق بەم میللەتە " کورد" ئەنجامدراون، مەسەلەیەک نییە ئێمە بەهەندی نەگرین، مەگەر خەمساردی هەڵماندانە ئەو دیوی ویژدان و خۆلەبیرچونەوەوە، بە پێچەوانەوە کورد کە قوربانی یەکەمی تاوانەکەیە ئەمرۆ جێگە و ڕێگەی هەرچییەک بێت لەدنیای سیاسەتدا ناکرێت بەپاساوی لاوەکی و مەزاجی هەندێک سەرکردە لەنگەر بگرێ و هیچ دەنگی لێوەنەیات. ئەگەر بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی زەمینەی بۆ دەوڵەتی عێراق سازکردبێ لەوەی ملهوری زیاتر بکرێ و سوپا زیادە ڕۆیی بکات، ئەوا لەدوای ئەنفال و کیمیابارانیش بێدەنگی هەڵبژاردن زەرەرێکمان لێدەات هیی وا لەتاوانەکە کەمتر نەبێت، بەلای کەمەوە کورد بۆ هەتا هەتایە لەبەردەمی هەرەشەکان دەمێنێتەوە و لە هەر دەرفەتێکی هەڵکەوتوودا گورزی کوشندەتر دەخوا، نوسەری گەورەی عێراقی کەنعان مەکیە لەکتێبە بەناو بانگەکەیدا دڵرەقی و بێدەنگی

دەڵێت: ئەوە دکتاتۆرییەتی عێراق نەبوو کەخەڵکی بێدەنگ کردبوو، بەڵکو ئەوە بێدەنگی خەڵک بوو کە دکتاتۆرییەتی عێراقی بەرهەمهێنابوو، بێگومان ئەم قسەیە بۆسەردەمی سەدام نەنوسراوە بەڵکو لەهەموو کات و ساتێکدا بێدەنگی باجی دەوێ، ئەگەر دەنگ بەرزکردنەوە، یان بێدەنگ نەبوون دەستکەوتێکی لێبکەوێتەوە ئەوا بەپێچەوانەوە بێدەنگی لەتاوان مەینەتی زیاتری بەدوادا دێت، بێدەنگی لەبەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەجەنگی ئێران- عێراقدا، هەر بەکوشتن و بەرکەوتنی ١١٠٠٠ هەزار سەربازی ئێرانی کۆتایی نەهات، بەڵکو زەمینەی کیمیابارانکردن و کۆمەڵکوژی گەلی کوردیشی بەدوای خۆیدا هێنا، چونکە زەمینەی تاوانەکانی دواتری سازکرد کە ملهوری و دکتاتۆریەت گەیشتە ئاستێک تەنانەت لە دژی هێزە بەرهەڵستکارەکانی ناوخۆشدا بەکاری بهێنێت. پێمباشە لە کۆتایی ئەم بەشەدا لێرەدا سەرنج بخەمە سەر خاڵێک کە نوسەر لە پێشەکی کتێبەکەیدا وەک دیاردەیەک باسی کردوون، ئەویش ئەوکەسانەن کە بەئیمایل و نامەی جۆراوجۆر گومانیان لەکارەکانی دەربریووە، بێگومان مەبەستم ئەو رۆشنبیروسیاسیانەی بەچاوی گومانەوە دەڕواننە هەوڵەکانی نوسەر، نەوەک ئەو کەسانەی لەهەموو کاسەیەکدا ئەسکوێن و لەهەموو شتێکدا بەگێلێتیەوە بەناودەکەون و قسەلەبارەیەوە دەکەن، ڕابگوێزمە سەر بیروراکانی نوسەر لەبارەی کەرکوک و بارودۆخی ئێستای کوردستان، کەهەندێک کەس بەراستی لە مەبەستەکەی تێنەگەیشتوون و هەندێکیشیان بە ناخەزانە تێڕوانینەکانی بەرتانەو تەشەردەدەن، لەکاتێکدا یوست هێلتەرمان داوای سەلامەتی و ئارامی بۆ مرۆڤ دەکات لەوانە کوردیش وەک بەشێک لە کۆی مرۆڤایەتی، تائەم دەرفەتە لەدەست نەدەین، هیلتەرمان ئازایانە بەدوای پرسی جینۆسایدو تاوانەکە کەوتووە، هەروەک دەبینین ئازایەنەش پێشنیاری خۆی بۆسەربەخۆیی کوردستان، دەخاتە ڕو، کە بەوردە کاریەکی زۆرەوە پشت بەو لێکۆلینەوەو سەرچاوانەی (رێکخراوی گروپی قەیرانە نێو دەوڵەتیەکان) دەبەستێت کە تیایدا هاتوون و بەئاشکراش رای دەگەیەنێ کە ئەو لە ئامرازو هۆکارەکانی سەربەخۆیدا لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان ناکۆکە نەک لەئامانجدا، ئەگەرچی من بڕوای خۆم وایە سەرکردایەتی سیاسی کورد ئامانجی سەربەخۆی کوردستانی نیەو ئەو دەیەوێت شەریکەبەش بێت لەداهاتی دەوڵەتی عێراقدا، چونکە هیچ کاتێک سەرکردایەتی سیاسی کوردستان باسیان